**گفتوگۆی فەرهاد و ئازاد/ شیوەن و شایی و داهاتو!**

فەرهاد و ئازاد لە کونجی حەوشەکەی خۆیان دانیشتوون، خۆرەتاوی پاییز کزەی سەرمای لە لەش دوور خستونەوە. لەو کاتەدا دایکی تەشتێک لە باوەش بە هەناسکە هەناسک لە ژووورە تەنگ و تاریکەکە دێتە دەرێ و بە ڕاکێش ڕاکێشی قاچەکانی خۆی دەگەیەنێتە مەتبەقە ڕەشداگەڕاوەکە .ئازاد بە پەلە ڕادەبێ و تەشتەکە لە دایکی وەردەگرێ و ئاودیوی متبەقەکەی دەکات. هێشتا نەگەڕاوەتەوە باوکی باوەشێک چرپی لە کۆڵ خۆ بە دەرکی ماڵەوەدا دەکا و پای دەنێتە ناو حەسار، جیڕەی دەرگا فەرهاد ڕاست دەکاتەوە و خۆ دەگەیینێتە باوکی و کۆڵەکەی لێوەردەگرێ و بە ڕاکێش ڕاکێش چرپییەکان دەگەیینێتە مەتبەق. باوکی خۆ دەکا بە متبەقەکەدا و ئازاد و فەرهاد لە دەرگای نزمی متبەق دێنە دەر.

ئازاد: فەرهاد بێ بچینە دەر.
فەرهاد بێ ئەوەی شتێک بێژێ لە گەڵی دەچێتە دەر .
فەرهاد: تۆش وەک من بیر دەکەیەوە؟
ئازاد چاو لە چاوەکانی دەبڕێ
ئازاد: بەڵێ

فەرهاد دەست دەکا بە گیرفانیا و باقەیەک پارە دەردێنێ. ئازاد بە دیتنی پارەکان دەست لە ناو گیرفانەکانیدا دەگێڕێ و هەرچی تێیدایە نیشانی دەدا.

فەرهاد: هەموو لە سەر یەک دەبێتە چەند؟ بەشمان دەکات خۆ بگەێنینە شار؟
ئازاد: نازانم، ڕەنگە بەش بکا، ڕەنگە شۆفیرەکە بەوەندە ڕازی بێ.

ئازاد و فەرهاد لە بەر دەرکی دووکانەکە وێستاون.
فەرهاد: بچینە ژوور؟
ئازاد: دەترسم وڵاممان نەداتەوە و وەدەرمان نێ!
فەرهاد: دەچین دەپرسین، با وەدەرمان نێ، گەر نەبوو دەچینە شوێنێکی دی.
ئازاد: سڵاو
کابرا: سەرچاوم
ئازاد: ئێمە هاتووین کۆڵتان بۆ بکێشین.

کابرا سەیری هەرکیان دەکات و بە پەلە ڕادەکاتە دەرەوەی دووکان، ڕادەوەستێ چاو دەگێڕێ، ئازاد و فەرهاد واقیان ورماوە و ترسیان لێنیشتووە، فەرهاد بە چاو ئیشارە دەکات کە بڕۆین، هەرکیان بەرەو دەرگا دەچن، لە پڕێکا کابرا دەگەڕێتەوە و هەرکیان لە گەڵ خۆی دەگەڕێنێتەوە.

کابرا: ناوتان چییە؟
ئازاد: من ناوم ئازادە و براکەم ناوی فەرهادە.
کابرا: خەڵکی کوێن؟
ئازاد: خەڵکی گوندین.
کابرا: پێشتر کۆڵتان کێشاوە؟
ئازاد: هەرکمان ئازاین لە کۆڵکێشان، یارمەتی دایک و بابمان دەدین.
کابرا: لەم دیو بۆ ئەو دیو کۆڵتان کێشاوە؟

ئازاد تێدا ماوە کە چ وڵامێکی بداتەوە، سەیری فەرهاد دەکات.

ئازاد: بەڵێ بەڵێ لە گەڵ باوکم کۆڵمان کێشاوە و ڕاهاتووین.
کابرا: کە وایە دەزانن چۆناوچۆنە؟
ئازاد و فەرهاد: بەڵێ بەڵێ
کابرا: کۆڵی بە چەند هەڵدەگرن؟
ئازاد: خۆتان وەکیل بن.
کابرا: باشە بڕۆن سبەی سەعات شەشی بەیانی لە فڵان شوێن چاوەڕێ بن، کەسێک لە گەڵ خۆی هەڵتاندەگرێ و کە گەڕانەوە پارەکەتان وەردەگرن.

هەرکیان دەم بەپێکەنین دەردەکەون

****

**شیوەن و شایی و داهاتو!**

مەرگی ئازاد و فەرهاد بەم شێوەیە لە هەر شوێنێک ڕووی دابا، قەیرانی حکوومەت و هەڵپەساردنی بەرپرسان و لێپرسینەوەی حقووقی بنەماڵە و کەسانی تری لێدەکەوتەوە. لە سەرزەمینی چەتەکانی ئیسلامی و ئێرانی و وڵاتی داگیرکراوی شیرازە لێکپچڕاوی کوردستان، نە قانوون و نە ئەخلاق پێوانە نیین!

ئەم ڕووداوانە بوونەتە ئاسایی. مرۆڤ لە ناو ئەو شاخانە دەمرێ، دەکوژرێ، بە خێرایی لە گۆڕ دەنرێ، هەر بە پەلە خەڵک بۆ مزگەوتەکان ڕادەکەن و سەرەخۆشی دەگرن، هەتا کەسێکی دیکە و ڕووداوێکی تر.

شایی و شیوەن بۆنەتە تابلۆی ناسینەوەی کورد، نەک ئێستا بە درێژایی مێژوو. بە ناو چیرۆک، بەیت، حەکایەت، ئەفسانە، گۆرانی، موسیقا، داب و نەریت و قسەی نەستەقی پێشینیان و قسەی لاو و منداڵدا بگەڕێ، دوو وێنە دەبینی "شایی و شیوەن"، ڕێک وەک بەیتی سەیدەوان!

"بەبەم بەو مەچۆ، ڕوڵە بەو مەچۆ، دییەم وە دییەت، بەو مەچۆ"!

بە ساڵانە هەواڵی کوژرانی کۆڵبەران، زیندانی سیاسی، ڕفێندراوەکان، هەڵواسراوەکان، گووم و گۆڕکراوەکان و هەروەها سەرکەوتنەکان، خەڵات وەرگرتنەکان بڵاو دەکرێنەوە، هەواڵی یەکەم پێشمان وەبەر خۆ دەهێنێتەوە و هەواڵی دووهەم هەڵماندەپەڕێنێ !
مێژووش هەر بەم مەزندەیە، دەبینیین .ڕۆژەکانمان لە دەفتەری ساڵانەدا بە سوور دیاریی کردووە و دەزانیین کەی هەڵپەڕین و کەی چەمەریی بچڕین.

وڵامی پرسیارەکان بە دەگمەن دەدەینەوە، بۆچی مێژوومان ئاواسە؟ بۆچی تراژێدییەکان هەر وەک خۆیان دووبارە دەکرێنەوە؟ بۆچی هیچ "شۆڕش"ێکی کورد سەرنەکەوتووە؟ بۆچی زۆرینەی ڕابەرانی کورد هەڵواسراون؟ بۆچی بەردەوام هەڵدەواسرێین؟ بۆچی کۆڵبەر لە دوای کۆڵبەر دەکوژرێن؟ بۆچی ئەم ڕووداوانە ناپشکێندرێن، هەڵەکان دەرناخسترێن و ڕێگاچارە باس ناکرێ؟

وڵامدانەوە بەو پرسیارانە پێوەندی بە شا و شێخ و دیکتاتۆرەکانەوە نییە. ئەنجام نەدانی کاری درێژخایەن پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە! بەردەوام نەبوون لە کاری درێژخایەن پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە !تەسک بینی کە باڵی کێشاوە بە سەر سەرتاپای ژیانماندا پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە !

لە ناو شانازیی و شیوەندا خولانەوە پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە! شیوەنگێڕان و هەڵچوون و هەڵخەهەڵخە و نمایشی سیاسی بێکەڵک و ڕۆشەنفکربازیی و هەزارپیشەیی بوون و وڵام نەدانەوە بە پرسیار و مەسەلەکانمان پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە!

خاپاندنی یەکتر و چزاندنی یەکتر و یەکترنەویستن پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە! کات بە فیرۆدان و خاوەن پلان نەبوون پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە. خۆمان، تاک بە تاکمان!

دەکرا و دەکرێ هاوڕێی فەرهاد و ئازادەکان بیین بۆ ئەوەی ڕێگای ژیان و داهاتووی ڕوونتر پەیدا بکەن. ئەوان دوای مەرگ پێویستیان بە هیچ شتێک نییە، بەر لە مەرگ ئێمەیان پێویستە!

برایم فەرشی